# کافتریا

ئیدریس ئیبراهیم ـ سوید

کافتریــا، ئەوشــوێنە ســەرنج راکێشــەی کــە بەدەگمــەن نەبێــت هەموو کەســێك ئێوارەیەك یان کاتێك رۆژی لەوێ بەسەر بردووە، ئەوەی من مەبەستمە دەمەوێ کەمێك لەسەر کەش‌و هەوای ناو کافتریا قســە بکەم. ئەگەر کتێب شــارەزامان بــکات بــە زانســت وبــیر. ئینتەرنێــت کۆگــای بەخشــینی زانیاری بێت، ئەوە کافتریاش شــوێنی بەیەك گەیاندنی زانســت‌و بیرو زانیاریە کافتریا ئەو شــوێنەیە کە دۆست‌و هاوڕێ‌و خۆشەویست‌و دایك‌و بــاوك‌و منداڵەکانیان بەیــەك دەگەیەنێ. ماندووبوونی رۆژانی کارکردن دەحەســێنێتەوەو کەشێکی خۆش دروســت دەکات. ئەو کەشەش لە پێداویستیەکانی ناو کافتریا ســەرچاوە دەگرێت، کەجوانــی رازانــەوەی دیکــۆری کافێتریەکانــە، لەلایــەك لەوانەیــە وێنەیەکی دەســت رەنگینی (پیکاسۆ)و یان تابلۆی ســی ژن (فرناندۆلیژەر)و شــەگارەی ئیســپانی(گۆیا) لەوانەشــە تابلــۆی پاشــایەکی ســەرنەکەوتووی بەرەکانــی جەنــگ ولوتبەرزی ناو هاولاتیەکانی خۆی بێت، لەلایەکی ترەوە، لەسەر رەفەکانی چادانی چینی و نەخش‌و نیگاری کۆنــی ئەوروپیەکانی ریزکراوە، مرۆڤ کە دەچێتــە ژوورەوە لەناو بۆن‌و بەرامەی شــیرینی هەمەجــۆرو قــاوەی تــازە کــولاو ون دەبێــت‌و لەبەردەمی جامخانەی شــیرینیەکان دەوەستێت‌و لەناو کۆمەڵێــك چا لەوانە چای( ســیلان، تووی فەرەنگــی، دری رەش، لیمــۆ، گێــلاس، رێحــان، هەروەها پونگ و نیسکافەو کەپەچینۆ‌و ئیسپرێسۆ بەهەڵی شیرو کەفی شیر چاککراو لەگەڵ شیرینی مازاریــن، کێکی ســێو و کرۆیســانت‌و کێکی مۆز وکێکــی ناپلیــۆن هەروەها نانــی وێنەر...ئیتر)ن هەڵبژاردنی (چا) و قاوەو کێك. لەکافتریای رازاوە بەقەنەفەو کورســی دانیشــتن هەمــوو بابەتێك دەبێتە باســی بەیەك گەیشتن‌و لەشوێنی تایبەت نەبێت بۆنی دوکەڵی جگەرە هەســت پێناکرێت‌و هەرگیزتەقــەی ئەزنیــف‌و دۆمینە نابیســترێ و دوو شــەش لەدەستی کەســدا ناتۆپێ. ئەو کەشە کولتــووری ئەوروپیــەکان بەدیاردەخــات‌و واتای راســتەقینە دەدات بەکافتریــا، لەوانەیــە تەنیــا رۆمانێك یان گۆڤارێك هاورێی کەسەکە بێت‌و ئەو ماوەیە بەخوێندنەوەی بابەتێك تەواو بکات وەك لای خۆمــان هــاوار نەکات چایەکیــتر بێنن.. با ئەو دەستە تاولەیەش لەو برادەرە ببەمەوەو ئەو شەوە بەمەراقەو بنوێ. کافتریا لە ئەوروپا لەگەڵ گەشــەکردنی کۆمەڵ گەشەی کردووەو بەگوێرەی مۆدێل دەروات وبەدوای جوانی دیزایندا دەگەرێت تا لەبازاری پر کافتریا پێشبرکێی ژیان بکات.. ئەو شــوێنە تەنیــا بۆکات بەســەربردن نیــە، بەڵکو شــوێنی بەیەکگەیشــتنی ئــەو پیاو و ژنانەشــە کەماوەیەکــی زۆر پێکەوە بووینە یان هاوســەری یەکتر بووینــە لەئاکامــی لەیەکنەگەیشــتن یان کوژانەوەی خۆشەویستی لەیەکتر جیابوونەتەوە، دەیانــەوێ ئــەو وەفایــەی کاتــی پێکــەوە بوون لەیادنەکــەن بەتایبەتــی کە منداڵی هاوبەشــیان هەبێــت، بــۆ مانــەوەی پەیوەنــدی دایــك و باوکایەتیــش بەمنداڵــەکان دانیشــتنی رۆژێکی پشوودان هەموویان پێکەوە بەکارێکی مرۆڤایەتی دەزانــن. ئەگەرچی نابێت ئــەوە لەیادبکەین، کە منداڵان رۆژەکانــی هەفتە دابەش دەکەن لەنێوان ماڵی دایك‌و باوکیاندا لەوانەشە ببێتە هەوارگەی یەکەمی بەیەکگەیشــتنی ئــەو کچ‌وکورانەی کە دەیانەوێ دوور لەهەلایەکانی بار و دیسکۆ، مرازی دڵیان بۆیەکتر لەکەشــێکی هێمندا باس بکەن یان



دایکێك بــە عەرەبانەی منداڵەکەیەوە لەدوای پیاســەیەکی دوورو درێژ لابداتو قاوەیەکی بەقەیماغ ماندووبوونەکەی بحەســێنێتەوە، کەشــی کافتریا بە ئاســانی لە دیســکۆی پڕ ئاوازو مۆســیقای بەرز جیادەکرێتەوە، کــە بۆلەگەڵ یەکترئاخافتن، دەبێت مرۆڤ گوێی بخاتە بنگوێی بەرامبەرەکەی و هەرکەسێك بە پەرداخی بیرەو وێسکی و ڤۆدگا باس لەشتێك دەکاتو دوای گەرم بوونیشیان زەحمەتە رستەیەکی بەکەڵك بڵێن بێ نسکۆبردنو هەنگاوێك بهاون. بەهەمان شێوە کافتریا لە پۆپ و گازینۆی جەنجاڵی پڕ لە یاریەکانی قومارو شوێنی فرۆشتنی مادە بێهۆشــکەرەکان جیادەکرێتەوە. کافتریا کاتی نیە، لەبەهارو پایزو زستانو هاوین خۆشی خۆی دەبەخشێ، بەڵام هەڵبەتە رۆژانی ســاردی زستانو پاییز نەشئە دەدەن. چونکە جوانی سروشــتی بەهاران وگەرمی هاوینان لە کاتی ســەردانی کافتریاکان کەم دەکاتەوە. کافتریــا مرۆڤی گەورە و بچووك ناناســێ و وەزیر و نووســەر و کاســبکارو کریار لەبــاوەش دەگرێتو ئەوانیش جیاوازییەك بۆخۆیان دانانێن تەنیــا لەجێبەجێکردنــی ئەرکەکانیان نەبێت، مەبەســتم لــەو کافتریایانــە نیە کــە لەســەر بنچینــەی دەوڵەمەندو پلــەو پایە دروســتکراون و کارتی تایبەتــی نەبێت چوونە ژوورەوە قەدەغەیــە، وەك ئاهەنگو شــەوەکانی لای خۆمان کە بەگوناهی دەزانن کەســێکی بێ دەســەلات و نووسەرێکی بــێ مەرایی کردن بێتە ژووری. ئەمە کافتریای رەواندنەوەی ماندووبــوونو دروســتکردنی ئاوو هەوایەکــی ئارامە لەناو

شــارو شــارۆچکەو گوندەکانی ئەوروپا دەبینرێ، لەولاشەوە لەئەنجامــی کۆچــی زۆری هاولاتیانی نەتــەوە جیاوازەکان، چایخانەی رۆژهەلاتــی بەدۆمینەوە و ئەزنیف و چاو قاوەی عەرەبی، چایخانەیەکی کوردی بدۆزینەوە بێجگە لە لە(چا)و نۆکاو و وەرەقەی کۆنکان و پاقلەی کولاو و پاقلاوەو کاستەر و ماستاو هیچیتری لێبەدی ناکرێت، لەوەش گوناهتر ئەوەیە لەمجــۆرە چایخانانــە ژن شــوێنی نیە کافتریــای ئەمریکای لاتینی بەکولتوری هیندەســورەکان ومۆســیقای زاپاتەکانو دانسی سالسەو وێنەی گیڤارا. کافتریای ئەفریقیەکان رازاو بە پێستو رمی هەمەجۆرو (چا)و قاوەی سادە. کافتر یا شوێنی هەمووانە دەکرێت خەڵکی زۆری ئەوروپی سەردانی کافتریای ئەمریکیو ئەفریقی بکەن، لەبەر خاتری مۆســیقای لاتینی ئەمریکــی و ئەفریقی کە شــوێنی خۆیان لەنــاو کولتووری ئەوروپــی کردۆتــەوە، بەلام ئــەم دیاردەیــە بەدەگمەن لە چایخانــەو کافتریــای ئاســیا بەتایبەتیش هــی رۆژهەلاتی ناوەراســت بەدی بکرێت. هەروەك لە ســەرەتا وتمان کافتریا شــوێنی بەیەکگەیشتنی بیروباوەڕو شوێنی وەفای رۆژەکانە، کە ئەمانە لەناو کولتوری رۆرژهەلاتی ناوەراست بوونیان نیە کە لەکافتریا باســی لێوە بکرێت یان ئەگەر بوونیشــی هەبێ دەبێت لەسەدەی زانست وزانیاریدا باس لەسەدەکانی تاریکی بکەن کە نەشــوێنی ئەو وەفایەی تێدا دەبێتەوەو نەمۆدێلی باسکردنی ناوکافتریاکانە. چونکە کافتریا شوێنی قبوڵکردنی یەکترو گوێ لەیەکتر گرتنە .